## بەشی دووەم

### چوارچێوەی پیادەكردنی یاساكە

**ماددەی دووەم:**

**یەكەم:** حوكمەكانی ئەم یاسایە پیادەدەكریٚ بەسەر:

١- پرۆسەكانی نەوتی كە جیٚ بەجیٚ دەكریٚت لەلایەن كۆمپانیاكانی گشتی یان تایبەتی عیٚراقی بیٚ یان بیانی.

٢- هەموو چالاكیەكانی پەیوەستن بە پرۆسەكانی نەوت.

**دووەم:** بە پیٚی حوكمەكانی ماددەی (١١٥) و هەردوو برگەی یەكەم و دووەمی لە ماددەی(١٢١)ی دەستووری فیدراڵی ، هیچ یاسایەكی فیدراڵی یان ڕیٚككەوتن یان گریٚبەست یان یاداشتی لەیەك گەیشتن یان هەر بەڵگەیەكی دیكەی فیدراڵی تایبەت بە پرۆسەكانی نەوت جیٚبەجیٚ ناكریٚت تاوەكو دەسەڵاتی تایبەتمەندی خۆی لە هەریٚم دا ڕەزامەندی لەسەر جیٚبەجیٚكردن نەدات.

## بەشی سیٚیەم

### ( موڵكداریەتی نەوت و مافەكانی حكومەتی هەریم )

**ماددەی سیٚیەم:**

**یەكەم:** موڵكداریەتی نەوت لە هەریٚم دا، بەپیٚی ئەوەدایە كە لەماددەی (١١١)ی دەستووری فیدراڵ دا هاتووە، حكومەتی هەریٚم بەشی هەیە لە داهاتەكانی ئەو نەوتەی لە كیٚڵگەكانی بەرهەمهیٚن بەدەست دەهیٚنریٚ پیٚش ٢٠٠٥/٨/١٥ لەگەل بەشی گەلی عیٚراق بەگشتی بەپیٚی ئەم یاسایە و ماددەی (١١٢)ی دەستووری فیدراڵی دەسازیٚ .

**دووەم:** حكومەتی هەریٚم بەشی هەیە لە داهاتەكانی نەوتی كیٚڵگەكانی بەرهەمهیٚن دوای ٢٠٠٥/٨/١٥ بەپیٚی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**سیٚیەم:** حكومەتی هەریٚم لەگەڵ حكومەتی فیدراڵی دا بەشداری دەكات لە بەڕیٚوەبردنی پرۆسەكانی نەوتی تایبەت بە كیٚڵگەكانی بەرهەمهیٚن پیٚش ٢٠٠٥/٨/١٥ لە هەریٚم دا بەپیٚی حوكمی برگەی یەكەم لەماددەی (١١٢)ی دەستووری فیدراڵ دا.

**چوارەم:** حكومەتی هەریٚم سەرپەرشتی كردن و ڕیٚكخستنی هەموو پرۆسەكانی نەوت دەگریٚتە ئەستۆ، بە پیٚی ماددەی (١١٥) وە بە خو گونجاندن لەگەڵ ماددەی (١١٢) لە دەستووری فیدراڵدا، وەزیریش بۆی هەیە لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەریٚمی ڕیٚگا بەلایەنی سیٚیەم بدا كە پرۆسەكانی نەوت جیٚبەجیٚ بكات لە پیٚناو زیادكردنی داهاتەكان لە سامانی نەوتی هەریٚم دا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

